# دروستی کارکردنی یەکێک لە هاوبەشەکان لەو کۆمپانیایەی کە پشکی تێدا هەیە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2015 - 1436

IslamHouse.com

# جواز كون الشريك في الشركة أجيرًا فيها

« باللغة الكردية »

فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# دروستی کارکردنی یەکێک لە هاوبەشەکان لەو کۆمپانیایەی کە پشکی تێدا هەیە

ئـەم پـرسیـاره ئـاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئـیسلام هـاوس كراوه :

**پرسیار** : ئـایا دەكرێت كـه كـەسێك شـەریك بێت لـه كۆمپـانیـایـەك ولـەهـەمان كاتیشدا یـەكێك بێت لـەكرێكار وكارمـەندەكانـی ؟

**وەڵام :** سوپاس وستـایش بـۆ خـوای گـەوره ومیـهرەبـان ودروود وصـەڵات وسـەلام لـەسـەر پێشـەوای مرۆڤـایـەتـی محمدی پێغـەمبـەری ئـیسلام و ئـال وبـەیت و هـاوەڵ وشوێنكـەوتـوانـی هـەتـا هـەتـایـه .

شـافیـعی و مـالیكیـەكان و ئـیمـامی زوفـەر لـه حـەنـەفیـەكان ڕایـان وایـه كـه دروست نییـه یـەكێك لـه شـەریـەكان فـەزڵیـان هـەبێت بـەسـەر شـەریكـەكانـی تردا، جا ئـەو فـەزڵـه بـه ڕێژەیـەكی سـەدی بێت، یـان بـه مووچـەیـەكی مـانگـانـه بێت .

حەنەفیەکانیش جگە لە زوفەر نەبێت ڕایان وایە کە دروستە یەکێك لەو شەریکانەی کە لەو کۆمپاینیایەی کە موڵکی هەموویانە و ئیش دەکات فەزڵی هەبێت بەسەر شەریکەکانی تردا، بەو ڕێژەیەی کە ڕێك کەوتون لەسەری، وە دەڵێن : پێیان وا نییە کە هیچ یەکێك لە زانایان ئەوەیان ووتبێت کە یەکێك لەو شەریکانەی ئیش دەکات وەك کرێکار یان وەك کارمەند مووچەیەکی بڕاوەی دیاری کراوی بۆ هەبێت .

بەڵام ڕای ئێمە ئەوەیە کە دروستە ئەو شەریکەی کە وەك کارمەند یان وەك کرێکارێك لەو کۆمپانیایەی کە خۆیشی پشکێکی تێدا هەیە مووچەیەکی مانگانەی پێی بدرێت، یان ڕێژەیەکی سەدی دیاری کراو، چونکە لەم ڕۆژگارەی خۆماندا کۆمپانیاکان کەسایەتی ( شەخصەیەت ) ێکی مەعنەویان هەیە وبەدەر لەو شەریکایەتیەی کە لە پەڕاو و پەرتووکەکانی فیقهدا باسکراوە، لەسەر ئەم  بنەمایەش ئەو شەریکەی کە وەك

کرێکارێك یان وەك کارمەندێك لە هەمان کۆمپانیا ئیش دەکات دوو صیفەتی هەیە :

**صیفەتی یەکەم** : وەك شەریك و هاوبەشێك کە خاوەنی پشکی خۆیەتی لە قازانج و زەرەردا، ئەگەر کۆمپانیاکە قازانجی کرد یان زەرەر بە پێی پشەکانی قازانج یان زەرەری بەردەکەوێت .

**صیفەتی دووەم** : وەك کارمەندێك یان وەك کرێکارێك، ئەم صیفەتەیش هیچ پەیوەندیەکی نییە بە قازانج و زەرەرەوە، بەڵکو بەپێی ڕێك کەوتنی نێوان شەریکەکان یان ڕێژیەکی دیاری کراوی بۆ دیاری دەکەن یان مووچەیەکی دیاری کراوی مانگانەی بۆ دەبڕنەوە، بەتایەتی ئەگەر هاتوو ئەو کۆمپانیایە لە کۆمپانیا پشکدارەکان بوو، ئەوا ئەو شەریکە بۆی هەیە وەك هەر کارمەندێکی تر لەو کۆمپانیایە دابمەزرێت بە مووچەیەکی دیاری کراو بێت کە ئەنجومەنی گشتی پشکدارەکان بۆی دەستنیشان

دەكات، یان ئەگەر هاتوو یەكێك بوو لە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە ڕێژەیەكی سەدی بۆ دیاری بكەن، چونكە وەك ووتمان كۆمپانیاكانی ئەم سەردەمەی خۆمان كەسایەتیەكی مەعنەویان هەیە و زۆر جیاوازن لەو شەراكەت و شەریكانەی كە زانایان لە كۆندا باسیان كردووە .

ئەوەشی زیاتر ئەم ڕایەی ئێمە دڵنیا دەكاتەوە ئەوەیە سەرجەم زانایان ئەوەیان بۆ دروست زانییوە كە ئەو كرێكارەی كە لە كۆمپانیایەكدا ئیش دەكات بەڵام بەمەرجێك ئەو كرێكارە یەكێك نەبێت لە شەریك وهاوبەشەكان بە دروستیان زانیوە لە بەرامبەر ئیش وكارەكەیدا كرێیكەی پێ بدرێت، ئێمەش دەڵێین گومانی تێدا نییە ئەو هاوبەش وشەریكەی كە لەو كۆمپانیایەدا ئیش بكات كە خۆی خاوەن پشك بێت زیاتر سوورە لەسەر بەدەست هێنانی بەرژەوەندی بۆ ئەو كۆمپانیایە تا كەسێكی بێگانە كە هیچ پەیوەندیەكی بەو كۆمپانیایەوە نییە، جا كاتێكیش زانایان كۆن

ووتویانە دروست نییە یەکێك لە هاوبەش وشەریکەکان ئەگەر کاری کرد بۆ کۆمپانیاکە موچەیەکی دیاری کراوی بدرێتێ بەڵگەیان ئەوە بووە ئەو شەریکە وەك ( مضارب ) ێك ئیش دەکات کە پارەی خەڵکی خستوەتە گەر و کاری پێوە دەکات، ئەو کەسەشی پارەی خەڵکی ئیش پێ بکات وەك ( مضارب ) دروست نییە لە بەرامبەر کارەکەیدا بریتی و مووچەیەك وەربگرێت. چگە لەو حصە وبەشە نەبێت کە لە گرێبەستی شەریکایەتیەکەیاندا ڕێك کەوتوون لەسەری .

بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا لەم کۆمپانیا هاوچەرخانەی ئەم سەردەمەدا مەسئەلەکە زۆر جیاوازە. چونکە زانایانی کۆن (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) حسابی کۆمپانیایان بەو شێوەیە نەکردووە کە کۆمپانیا خاوەنی کەسایەتیەکی مەعنەوی ئیعتباری بێت، لەبەر ئەوەی تەصەوری ئەوەیان نەکردووە کە شەریك و هاوبەشەکان کۆمەڵیکی زۆر بن و هەریەکەیان بە گوێرەی

پشکەکانیان خاوەندارێتی ئەو کۆمپانیایە دەکەن بە شێوەیەکی بەربڵاو و ( شائع )، چونکە ئەم جۆرە کۆمپانیا وشەریکانە لە کۆندا نەبوون .

ئەو مەبدەئەیش کە کۆمپانیا وشەریکەکان خاوەنی کەسایەتیەکی مەعنەوی وئیعتباری بن، هیچ پێچەوانە ودژ نییە لەگەڵ بنەماکانی ورێکخەرە ڕاست ودروستەکانی کڕین وفرشتن لە فیقهی ئیسلامییدا، هەر شتێکیش ئەگەر هاتوو پێچەوانە و دژ نەبوو بەو ڕێکخەر و بنەمایانەی کە زانایان دایان ناوە لەژێر ڕۆشنایی قورئان وفەرموودەدا ئەصڵ وایە ڕێگا پێدراو و دروست بێت .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : فەتواکانی ( بيت التمويل الكويتي )